# بنچینەکانی جێگیربوونی دیموکراسیەت ⭑

ن/ جین شارب

و/محەمەدی مشیر

بەشی یەکەم

لێکهەڵوەشانەوەی حوکمی دیکتاتۆری مایەی ئاهەنگێڕانێکی مەزنە، چونکە واتا دەبەخشێتە خۆشیو ئارامبوونەوەو چاکەکاری لەبەرانبەر ئەو خەڵکانەی ماوەیەکی درێژ گرفتاربوونو سەرو ماڵیان لەم پێناوەدا بەخشی، ئەوان شانازی بەخۆیانو هەموو ئەو کەسانە دەکەن کەوا لەگەڵیان تێکۆشاون لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی. هەر تێکۆشەرێك لەژیاندا نامێنێ تا ئەو رۆژە ببینێ، بەڵام خەڵك یادی ئەوانە دەکەنەوە کە قارەمانانە ژیانیان بەسەربردو تا ئەو رۆژەی سەریان نایەوە یارمەتیدەری نووسینەوەی مێژووی ئازادی بوون لەوڵاتەکەیاندا.

بەڵام لەبەدبەختیان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کاتی کەمکردنەوەی وریابوون هاتووە، چونکە تادوای سەرکەوتنیش لە لێکهەڵوەشاندنەوەی رژێمی حوکمی دیکتاتۆری لە رێگەی بەکارهێنانی تەحددای سیاسییەوە، پێویستە رێوشوێنێکی خۆپارێزی ئاگا بگیرێتە بەر بۆ رێگرتن لەسەرهەڵدانی رژێمێکی دیکەی سەرکوتکار کە دۆخی ئاژاوەی دوای قۆناغی لەناوبردنی رژێمی سەرکوتکاری پێشوو بەرهەمی دەهێنێ. پێویستە لەسەر سەرکردەکانی ئەو هێزانەی پاڵپشتی دیموکراسیەتن پێشوەخت ئامادەبن بۆ وەرچەرخانێکی ئۆرگانیزە کراو بەرەو دیموکراسیەت. پاشان پێویستە هەیکەلی دیکتاتۆریەت لێکهەڵوەشێنرێتەوەو، دواتریش بناغە دەستووریو قانوونیو پێودانگەکانی رەفتاری دیموکراسیەکی پتەو بنیات بنرێت. دەبێ هیچ کەسێك باوەڕ نەکات کە کۆمەڵگەیەکی ئایدیال دەسبەجێ دوای رووخانی رژێمی حوکمی دیکتاتۆری دێتە ئاراوە، چونکە رووخانی حوکمی دیکتاتۆری خاڵی دەسپێکە لەسایەی باروودخێکی باشتری ئازادیدا کە بوار دەڕەخسێنێ بۆ هەوڵو کۆششی درێژخایەن لەپێناو پێشخستنی کۆمەڵگەو دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی باشتر. کێشە مەترسیدارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان تا ساڵانێکی درێژ هەر دەمێنن، ئەمەش پێویست دەکات خەڵكو کۆمەڵانێکی زۆر هاوکار بن لەپێناو دۆزینەوەی رێگاچارەیەك. بۆیە پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی نوێ هەل بۆ خەڵك دابین بکات وێڕای جیاوازی راوبۆچوونیان تاکو کاری بنیاتنەر تا سەر ببەنو پێشکەوتنی سیاسی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان لەداهاتوودا بە ئاکام بگەیەنن.

## مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ

کاتێکی زۆر لەوەوپێش ئەرەستۆ ئاگاداری کردینەوە کە "حوکمی ستەمکار هەمدیس دەتوانێ بەرەو حوکمێکی ستەمکارانە وەرچەرخێ"(1) مێژوو گەلێ نموونەی لەو بابەتەمان بۆ دابین دەکا هەروەکو یەعقوبیەکانو ناپلیۆن لەفەرەنساو بەلشەفییەکان لە رووسیاو ئایەتوڵا لە ئێرانو ئەنجوومەنی سەربازی دەوڵەت بۆ بەرقەرارکردنی یاساو سیستەم لە بۆرماو گەلێ شوێنی دیکەش، چونکە هەندێ کەسو گروپ رووخانی رژێمی سەرکوتکار بەهەل دەزانن بۆ ئەوەی ئەوان ببنە کێخوای نوێ. جا لەوانەیە پاڵنەری ئەو کەسو گروپانە جیاوازبێ، بەڵام گەلێ جاران دەرەنجامەکان پێکدەچن بەشێوەیەك رژێمی حوکمی دیکتاتۆری نوێ جڵەو بە دەست وگەلێ ستەمکارانەتر دەبێ لە دیکتاتۆریەتی پێشتر.

هەندێ لەئەندامانی رژێمی حوکمی کۆن تەنانەت بەر لەدارمانی رژێمی حوکمی دیکتاتۆریش هەوڵدەدەن رێگا لەبەردەم تێکۆشانی تەحدداکارانەی بەرەو دیموکراسیەت ببڕن لەرێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی بۆ دەست گرتن بەسەر ئەو سەرکەوتنەی بەرەنگاری میللی بەدیهێناوە. ئیدی رەنگە ئەو ئەندامانە بانگەشەی ئەوە بکەن کە گوایە رژێمی حوکمی دیکتاتۆری رادەماڵن، بەڵام لەراستیدا دەیانبینێ کە هەوڵدەدەن کۆپییەکی پێشخراوی نموونەی کۆن بسەپێنن.

## سەرچاوەی کودەتاکان

چەند رێگایەك هەیە دەتوانین بەهۆیانەوە شکست بە کودەتاکان بهێنین لەو کۆمەڵگایانەی تازە رزگاربوون، رەنگە زانینی پێشوەختی ئەم توانایەی داکۆکیکردن بەس بێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی کودەتاکارانە، چونکە ئامادەکاری، خۆپاراستن بەرهەمدێنێ.(2)

جێبەجێکارانی کودەتاکان دەسبەجێو دوای کودەتاکە هەوڵدەدەن داوای رووپۆشێکی شەرعی بکەن کە رەزامەندی بەرانبەر بە مافی سیاسیو ئەخلاقیان لە حوکمکردندا بۆ دابین بکات، جا یەکەمین پرانسیپی بنەڕەتی بۆ کارکردن لەدژی کودەتاکان لێرەدا بریتیە لە، نکۆڵیکردن لەو شەرعیەتەی جێبەجێکارانی کودەتاکان هەوڵدەدەن بە دەستیبهێنن.

دواتر جێبەجێکارانی کودەتاکە داوا لەسەرکردە سڤیلو هاووڵاتیان دەکەن پشتیوانیان لێبکەن یان لایەنگریان بن یاخود لەدۆخێکی نێگەتیڤدا بن. دواتریش داوای هاوکاری پسپۆرانو راوێژکارانو بیرۆکراتو فەرمانبەرانی حکومەتو سەرپەرشتیارانو دادوەران

دەکـەن لـەپێناو سـەقامگیرکردنی کۆنترۆڵیـان بەسـەر ئـەو کۆمەڵگەیـەی کودتاکـە تێیـدا روویـداوە. پاشـانیش داوای ملکەچـی ئـەو کەسـانە دەکـەن کـە لەسیـستەمی سیاسـیو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەو ئابووریو پۆلیسو سـوپادا کاردەکەنو،داوایان لێدەکەن کارەکانی خۆیان بەپێی ئەو دەسکاریيانە ئەنجامدەن کە فەرمایشتو سیاسەتەکانی جێبەجێکارانی کودەتاکە دەیسەپێنن.

دووەمین پرانسیپی بنەڕەتی بۆ کارکردن لەدژی کودەتاکان بریتیە لە بەرەنگاربوونـەوەی جێبەجێکارانی کودەتاکە لەرێگەی هاوکاری نەکردنو تەحەداکردنیان، چونکە پێویستە رێگە بگرن لەو هاوکاریو یارمەتییەی کە پێویستیانە، واتە ئێمە هەمان شێوازەکانی تێکۆشان دەگرینە بەر لەدژی ئەو هەڕەشە تازەیەدا، کە لەدژی رژێمی دیکتاتۆریدا گرتمانە بەر ، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ جێبەجێکرنی راستەوخۆدا، ئیدی ئەگەر شەرعیەتو هاوکاری لە کودەتاکە قەدەغەکران دەبینین کەوا لە بەر برسیەتی سیاسی دەمرێو هەلی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بەدەست دەهێنین.

## نووسینی دەستوور

سیستەمی دیموکراسی نوێ دەستوورێکی گەرەکە کار بکا بۆ دامەزراندنی چوارچێوەی حکومەتێکی دیموکراسی ویستراو، چونکە ئەم دەستووره ئامانجەکانی حکومەتو سنوورەکانی کۆنترۆڵو شێوازەکانیو کاتەکانی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکات لەپێناو هەڵبژاردنی فەرمانبەرە حکومیو یاسادارانەرانو مافە سروشتیەکانی هاووڵاتیان سوودی لێوەردەگرێو، هەروەها پەیوەندییەکانی حکومەتی  نیشتمانی بەلایەنی کەمی ئاستەکانی دیکەی حکومەتدا دەستنیشان دەکا.

پێویستە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادەوری بەشێوەیەکی روون لێکجیابکرێنەوە، تاکو حکومەتی ناوەند هەر بە دیموکراسی بمێنێتەوەو، دەبێ کارەکانی پۆلیسو هەواڵگەریو سوپا بەشێوەیەکی پتەو کۆتیان بخرێتە سەر کە رێگر بێ لەبەرانبەر هەر دەستێوەردانێکی یاسایی سیاسییەوە. جا باشتر وایە دەستوور بەدەق ئاماژە بە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵ بکات، لەگەڵ دانی هەندێ تایبەتمەندی بە ئاستە هەرێمیەکانو ئاستی ویلایەتەکان و ئاستی خۆجێیی حکومەت، لەپێناو پاراستنی سیستەمی دیموکراسیو قەدەغەکردنی سەرهەڵدانی ئاراستەی دیکتاتۆرانە، بۆ نموونە دەکرێ لەهەندێ حاڵەتدا سیستەمی هەرێمایەتی سویسرا پراکتیزە بکرێ کەوا تایبەتمەندی تا رادەیەك گەورە دەبەخشێتە ناوچەی بچووك. ئەگەرچی هەر وەکو بەشێکی تێکڕای دەوڵەت دەمێنێتەوە.

جا بەهەبوونی دەستوورێکی وەکو ئەمە کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت لە قۆناغێکی پێشتری مێژووی ئەو وڵاتەی تازە رزگاربووە، ئەوا دانایی لەوەدایە کە دووبارە بە هەندێ دەسکاری پێویستەوە بەکارهێنرێتەوە ، بەڵام ئەگەر دەستوورێکی پێشتر نەبوو ئەوا باشتر وایە کار بەدەستوورێکی کاتی بکرێت، ئەگەر نا پێویستە لەسەرمان دەستوورێکی نوێ دابنێین، کە ئەمەش کاتو بیرکردنەوەیەکی زۆری دەوێت، سەرباری ئەمەش باشتر وایە جەماوەر لەدارشتنی دەستووری نوێدا بەشداربێ‌و، لەکاتی پەسندکردن یا هەموارکردنی هەر دەقێکی دەستوورەکەشدا رەزامەندی جەماوەر پێویستە. شایانی باسکردنە کە پێویستە لەسەرمان وریا بین لەوەیدا کە هەندێ بەڵێن لەدەستوورەکەدا دانەرێژین کە مەحاڵە بهێنرێتە دی، یاخود هەندێ حوکم دارێژین کە جێبەجێکردنیان پێویستی بە حکومەتێکی گەلێ مەرکەزی هەبێ، چونکە هەردوو ئەمانە رێگا خۆشدەکەن بۆ دامەزرانی رژێمی حوکمێکی دیکتاتۆری.

پێویستە زمانی دەستوور ساناو رەوان بێ بەلای زۆرینەی گەلەوە، بۆیە نابێ دەستوور ئاڵۆز یان شاراوە بێ تا ئەو رادەیەی کە پارێزەران یاخود هەڵبژاردەکانی دیکە بەتەنها لێی تێبگەن.